# سێ شیعری
# تەسلیمە نەسرین



**لە ئینگلیزییەوە: عەزیز رەئوف**

***زەنگی لێنەدراو**

زۆر شت زەنگ لێدەدات

زیندانەکانی جەستە

ئەژنۆکانت زەنگ لێدەدا کاتی سەما

مەچەکی زیوینی پڕبازن

وەک وەرزەبا باران بەسەر پەنجەرەدا دەباری

کەروێشکەگیا وەک مۆسیقا زەنگ لێدەدا

کە کۆمەڵە هەورێک خۆی دەکێشی بە رەوە هەورێکدا

ڕووناکی زەنگ لێدەدا

خەونەکان زەنگ لێدەدەن، کاتژمێر لێدەدا

وێرانەیەک لەناوەوە جێدەهێڵێ

تەنیایی زەنگ لێدەدا

تەنها زەنگی دەرگاکەم نەبێ لێنادا.

### *کچە خەمبارەکە

کچە خەمبارەکە، خەمەکانت لەبیر بکە.

تۆ تەنها شازدەساڵی تەمەنتە

ژیان هەمووی لەبەردەمتا پاڵکەوتووە.

بۆچی ئێستا باوەشت بە خەمەکانتا کردووەو

دواتر تۆ چی دەکەی

دوایی چی لە فرمێسکەکانت دەکەی؟

کچە خەمبارەکە، خەمەکانت فەرامۆش بکە.

لەبەردەم هەموو پەنجەرە کراوەکاندا

سەما بکە چۆن پێت خۆشە، لەبەردەم با و ڕووناکیدا.

کچە خەمبارەکە، بژی!

### *سنوور

من ئێستا لەسەر ڕۆیشتنم

لەدوامەوە هەموو خێزانەکەم بانگم دەکەن

منداڵەکانم چەمکی کراسەکەم ڕادەکێشن

هاوسەرەکەم لەبەر دەرگا وەستاوە و ڕێم لێ دەگرێ،

بەڵام من هەردەڕۆم

لەپێشمدا هیچ نییە جگە لە ڕووبارێک

لە ڕووبارەکە دەپەڕمەوە.

من دەزانم مەلە بکەم، بەڵام ئەوان



نایەڵن مەلە بکەم، ڕێگەم نادەن بپەڕمەوە.

هیچ شتێکی تر لەسەر ڕۆخی ڕووبارەکە نییە

جگە لە کێڵگەیەکی گەورە و فراوان،

بەڵام من هەست بەو چۆڵەوانییە دەکەم،

جارێکیان بەئاراستەی با رامدەکرد، دەنگی کێ بوو

داوای دەکرد سەما بکەم. من سەما دەکەم ڕۆژێکو

دواتر دەگەڕێمەوە

من چەندین ساڵ نەمدەتوانی بچمە دەرەوە

وەک ئەوەی لە منداڵیمدا نەمدەتوانی

من ڕۆژێک هەرایەکی گەورە دەنێمەوە و دەڕۆم

دواتر دەگەڕێمەوە.

چەندین ساڵە بەدڵی خۆم نەگریاوم

لە باوەشی تەنیاییدا

ڕۆژێک دێت پڕ بەدڵی خۆم دەگریم

دواتر دەگەڕێمەوە

هیچ شتێک لەپێشمەوە نییە ڕووبارێک نەبێت

من دەزانم مەلە بکەم

بۆچی نابێ بڕۆم؟ من دەڕۆم.

................................

**سەرچاوە:**

Taslimanasreen.com